## کارەبای سلێمانی نرخی ئەمپێرێک کارەبای موەلیدەی بۆ مانگی رابردو راگەیاند

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کارەبای سلێمانی نرخی ئەمپێرێک کارەبای موەلیدەی بۆ مانگی رابردو راگەیاند و بەپێی خشتەی کاری موەلیدەکانیش نرخەکە جیاوازیان هەیە.

کارەبای سلێمانی دەڵێت: بەپێی نرخی سوتەمەنی لە بازاڕەکاندا نرخی هەر کاتژمێرێك بۆ یەك ئەمپێر (44) دینارە، بەمەش نرخی یەك ئەمپێر کارەبای موەلیدەی ئەهلی لە ناوشاری سلێمانی لەنێوان (10.000) بۆ (11.000) دینارە، هەندێک شوێنیش کە بەرنامەی کارکردنیان لە 7 بۆ 1ـی شەو نرخی ئەمپێرێکیان لەنێوان (12) بۆ (13) هەزار دیناردایە.

لەبارەی ئەو موەلیدانەی کە کارکردنیان 24 کاتژمێرییە کارەبای سلێمانی دەڵێت نرخەکەیان (13) بۆ (14.500) دینارە.

ئەوەش ئاشکرا کراوە کە خشتەی کارپێکردنی موەلیدە بۆ مانگی (12) گۆڕانکاری تێداکرێت و موەلیدەکان تەنیا لەنێوان 1ی پاشنیوەڕۆ تا 1ی شەو ئەگەر کارەبای نیشتیمانی کوژایەوە کار دەکەن، بەیانیش لەکاتژمێر 7:00 تا 8:00ی بەیانی کاردەکەن و ڕۆژانی هەینیش بەیانیان کار بۆ موەلیدەکان

ناکر□ت تا کاتژم□ر 1:00ــی پ□ش نیو□□□.